# تەمەنێک لە شەختەبەندان

**هەناسە سەباح**

گوڵەکەم ئەزانی ئەگەر مانگ بێتە چرای شەوانم و خۆریش ببێتە ئەستێرەی بەختم، دەریاکانیش ببنە ئاوێنەی ڕۆحم هێشتا سەهوڵ بەندانی دڵم ناتوێتەوە، دەزانی ئێستا ڕێبوارێکی سەر شێتم دێوانە ئاسا خۆم و کەشکۆڵی غەمەکانم سنوورەکان دەبەزێنم و دەست لە ملانێی کلتورە نامۆکان ئەبەم و وەرزی هەمیشە پایزی تەمەنم بەرەو شەختە بەندانێکی تر ئەچێ.

بۆ نازانی خەندە لە لێوەکانم تۆراوەو جارێکی تر ناگەرێتەوە، بۆ نازانی لەم ژیانە تەنیا دوورگەی چاوی تۆم هەیە کە بتوانم بە ئارامی تیایا بژیم، بۆ نازانی تەنها دڵت هەیە بیکەم بە هێلانە بۆ ڕۆحی بێ نەوام، بۆ نازانی تەنیا بالای تۆ هەبوو کە وەک پەرستگای دڵی مردووم نوێژی بۆ بکەم، بۆ نازانی ئەو فریشتەیەی کە پەیامەکانی خۆراک بوو بۆ دڵە بێ نازەکەم، وام دەزانی تۆ دیاری سروشتی بۆم هاتوی، وام دەزانی هاتوی گوڵە وەریوەکەی ژیانم سەوز بکەیتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وام دەزانــی تـۆ گزنگـی بەیـانی مـاڵی ڕوخـاوی دڵـم ڕۆشـن دەکەیـتەوە، وام دەزانــی فریـشتە ئاسـا فرمێـسکی چاوی بێداران دەسڕی، وام دەزانی دڵۆپەی بارانیتو گـوڵە گەنمی خۆراکی هەژاران سەوز دەکەیتەوە، نەمزانــی تـۆش ڕێبـــــــواریکی مانـــــــدوویت و دەتەوێ لە ســــــێبەرێکا بحەسێیتەوە، نەم زانی بەندە ئاسا تۆش گەردێکی لە نـاو گەردەلولـی ژیانـدا هەڵ دەسوڕێیت و دەتەوێ لـە باوەشـی خۆ پەرستێکا خەندە خنکاوەکانت بدۆزیتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com